کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ئاماری کوشتنی ژنان لەکوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦)

ئا: ئەژین عبدالخالق

بەپێی توێژینەوەیەك كە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەحكومەتی هەرێمی كوردستان لەبارەی دەستنیشانكردنی ڕێژەی توندوتیژی بەرانبەر بەژنان لەهەرێمی كوردستاندا ئەنجامیداوەو تێیدا نووسینگەو بەڕێوەبەرایەتییەكانی وەزارەت لەقەزاو ناحییەكاندا بەشدارییان تێدا كردووە، دەركەوتووە لەساڵی (٢٠٠٥)دا لەكۆی گشتی ڕووداوەكانی مردن یا كوشتنی ژنان، (٢٢٪)ی بەهۆی خۆكووشتنی ژنان خۆیانەوە بووە، لەكاتێكدا ئەو ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا بەرز دەبێتەوەو دەگاتە (٢٣,٨٨٪). ئەو حاڵەتانەی كوشتنی ژنان كە تۆماركراوەو لەڕاپۆرتەكاد ئاماژەی بۆ كراوە، دەركەوتووە لەساڵی (٢٠٠٥)دا تەنیا بەڕێژەی (٤٪)ی ژنان بەئەنقەست كوژراون، لەكاتێكدا دیسان ئەو ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٦)دا بەرز دەبێتەوەو دەگاتە ڕێژەی (٦,٣٤٪). بەڵام ئەو ڕووداوە توندوتیژییانەی لەژێر ناوی (ڕووداوی تر)دا تۆمار كراون، دەبینین لەساڵی (٢٠٠٥)دا دەگاتە ڕێژەی (٧٤٪)، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٦) ئەو ڕێژەیە دادەبەزێتو دەگاتە (٦٩,٧٧٪)ی ڕووداوەكان پێكدێنێت.

لەڕاپرتەكەی وەزارەتی مافی مرۆڤدا بەو شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی ڕێژەی هۆیەكانی مردنی ژنان كراوە: لەساڵی (٢٠٠٥)دا، (٤١,٨٦)ی ڕووداوەكانی مردنی ژنان بەهۆی سووتانەوە بووە، بەڵام ڕێژەی (٥,٨١٪)ی هۆیەكانی مردنی ژنان بەدەرمان خواردنو خۆ ژەهراویكردنەوە بووەو (٢٥,٥٨٪)ی مردنەكانیش بەهۆی گوللەوە بووە، كەچی ڕێژەی (٢٦,٧٤٪)ی مردنەكانیتر بەهۆی ڕێگاو شێوازی ترەوە بووە كە بەوردی باس نەكراوە.

ئەو ڕێژانە لەساڵی (٢٠٠٦)دا گۆڕانكارییان بەسەردا دێتو مەسەلەی خۆ سووتاندن كەمتر دەبێتەوەو ڕێژەكەی دادەبەزێت بۆ (٢٨,٢٩٪)ی كۆی گشتی حاڵەتەكانی مردنی ئافرەتان، بەڵام لەولاشەوە مەسەلەی دەرمانخواردنو خۆ ژەهراویكردنی ژنان بەمەبەستی مردن بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش بەرز دەبێتەوەو دەگاتە ڕێژەی (٢٠,٦٣٪)ی حاڵەتەكانی مردن. ئەوە لەكاتێكدا مردنی ئافرەتان بەگوللە كەمتر دەبێتەوەو دادەبەزێت بۆ ڕێژەی (٧,٠٢٪)ی حاڵەتەكانی مردنی ئافرەتان، لەكاتێكدا جۆرەكانی تری مردنی ئافرەتان دیسان بەشێوەیەكی سەیر بەرز دەبێتەوەو دەگاتە ڕێژەی (٤٤,٠٤٪)ی حاڵەتەكانی مردنی ئافرەتان.

لەمەسەلەی دەستنیشانكردنی تەمەنی ژنەكاندا، ڕاپۆرتەكەی وەزارەرتی مافی مرۆڤ ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە مەسەلەی جۆری مردنی ژنەكانو دەستنیشانكردنی تەمەنیان لەوەزارەتی تەندروستییەوە وەرگیراوەو پشتیان بەداتاكانی ئەوان بەستووە، بەوەش میسداقییەتی ڕاپۆرتەكە زیاترو گرنگتر دەبێت. لەو ڕاپۆرتەدا ئەو كچانەی تەمەنیان لەخوارووی (١٣)ساڵیدایە، تەنیا ڕێژەی (٦,٣٧٪) لەكۆی گشتی مردنی ژناندا بەدەست دێننو تەنیا ڕێژەی (٥,١٩٪)یان بەهۆی ڕووداوی هاتوو چۆوە بووەو ڕێژەی (١,١٨٪)ی بەشێوازو ڕێگای ترەوە بووەن بۆیە كەسێكی تێدا نییە بەگووللە مردبێتن یا سووتا بێت، یا كوژرا بێت. لەكاتێكدا ئەو كچانەی تەمەنیان لەنێوان (١٣ ـ ١٨) ساڵیدایە، ڕێژەی (١٤,٠٢)یان بەهۆی سووتانەوە مردوونو ڕێژەی (١,٣٠٪)یان بەهۆی گووللەوە مردوونو ڕێژەی (١,٠٣٪) شیان بەهۆی ڕووداوی هاتوو چۆ مردوون، بەڵام كەسیان بەهۆی ڕووداوی كووشتنو بڕینو خنكاندنەوە نەمردوون، لەكاتێكدا ڕێژەی (١,٠٣٪)یان بەهۆی ڕووداوی ترەوە مردوون. بەڵام كاتێك دێینە سەر تەمەنی ئەو ژنانەی لبەسەرووی (١٨) ساڵییەوەن، دەبینین ڕێژەكان دەگۆڕێنو بەشێوەیەكی سەیر بەرز دەبنەوە،

بەتایبەتیش ڕێژەی مردنی ژنان بەهۆی سووتانەوە دەگالتە (٤٤,٦٧٪)، هەروەها ڕێژەی مردنی ژنان بەهۆی گوولەوە دەگاتە (١١,٤٢٪)، ڕێژەی مردنی ژنانیش بەهۆی کوشتنو خنکانەوە دەگاتە (١,١٨٪)، ئەوە لەکاتێکدا ڕێژەی مردنی ژنان بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوو چۆ دەگاتە (١٠,٩٠٪)و ڕووداوی تریش دەگاتە (٤,٦٧٪).

لەڕووی باری کۆمەڵایەتییەوە، ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرانبەر بەکار هێنراوە لەساڵی (٢٠٠٥)دا ڕێژەی (٧٤,٠٠٪)یان شوویانکردووەو خاوەن خێزان بوون، بەڵام ڕێژەی (٢٦٪)یان هێشتا شوویان نەکردووەو خێزانیان پێك نەهێنابوو. لەساڵی (٢٠٠٦)دا دەبینین توندوتیژی بەرانبەر بەخێزاندارەکان کەمتر دەبێتەوەن بەڵام بەرانبەر بەکچان زیاتر دەبێت، بۆیە ڕێژەی (٦٥,٥١٪)یان شوویانکردووەو ڕێژەی (٣٤,٤٨٪)یان هێشتا کچنو شوویان نەکردووە.

لەشاری سلێمانیدا زۆرترین ڕێژەی مردنی ژنان بەهۆی سووتانو ڕووداوەکانی هاتوو چۆو گوولەوە بووە بەو شێوەیە: ڕێژەی (٥١,١٧٪)ی مردنی ئافرەتان بەهۆی سووتانەوە بووەو ڕێژەی (٢٦,١٠٪)ش بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوو چۆوە بووەو ڕێژەی (١٠,٤٤٪)ش بەهۆی گوولەوە بووە، لەکاتێکدا ڕێژەی ئەو ژنانەی بەهۆی نەخۆشییەوە مردوون (٤,١٧٪) تێپەر ناکات. سەبارەت بەتەمەنی ژنە کۆچکردووەکانەوە دەبینین لەساڵی (٢٠٠٥)دا لەشاری سلێمانی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١ ـ ١٥)ساڵیدایە ڕێژەی (١٥,٤٩٪) پێکدێنن، لەکاتێکدا ئەوانەی لەسەرووی ئەو تەمەنەوەن ڕێژەی (٨٤,٥٠٪) مردووەکان پێکدێنن. لەساڵی (٢٠٠٦)یشدا ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١ ـ ١٥) ساڵیدایە ڕێژەی (١٧,١٥)ی مردووەکان پێکدێنن، کەچی ئەوانەی لەسەرووی ئەو تەمەنەوەن ڕێژەی (٨٢,٨٤) پێکدێنن، کەواتە زۆربەی ژنە مردووەکان تەمەنیان لەسەرووی (١٥) ساڵیدابووە.

کەچی دەبینین لەشاری دهۆك داتاکان جیاوازن، بۆ نموونە ڕێژەی مردنی ئافرەتان بەهۆی سووتان لەساڵی (٢٠٠٥) (٢٩,٦٢٪)یيە، کەچی لەساڵی (٢٠٠٦) بەرز دەبێتەوەو ڕێژەکە دەگاتە (٣٤,٦٦٪). هەر لەشاری دهۆکدا ڕێژەی مردنی ئافرەتان بەڕووداوی هاتوو چۆ لەساڵی (٢٠٠٥) دەگاتە ڕێژەی (٣٣,٣٣٪)، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٦٩ ئەو ڕێژەیە دادەبەزێتە خوارەوەو لەسەر ڕێژەی (٢٦,٦٦٪) دەوەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی مردنی ئافرەت بەگوولە لەدهۆکدا ڕێژەیەکی بەرزتر تۆمار دەکات بە بەراورد بەشاری سلێمانیو لەساڵی (٢٠٠٥)دا ڕێژەکە دەگاتە (١٧,٠٣)، لەساڵی (٢٠٠٦)یشدا ڕێژەکە دەگاتە (١٦,٦٦٪). ڕووداوی تری جۆراوجۆریش لەشلری دهۆك ڕێژەیەکی بەرزتر تۆمار دەکاتو لەساڵی (٢٠٠٥)دا ڕێژەکە دەگاتە (٢٠٪)و لەساڵی (٢٠٠٦)یش دەگاتە (٢١,٣٣).

سەبارەت بەتەمەنی ئافرەتە مردووەکانی شاری دهۆکەوە دەبینین ئەوانەی تەمەنیان لەخوار (١٤)ساڵیدایە، ڕێژەی (٨,٦٩٪)یان بەسووتان مردوونو (٢٥٪)یان بەگوللە کوژراونو (٣١,٧٦٪)یشیان بەڕووداوی هاتوو چۆوە مردوونو ڕێژەی (٢٢,٠٣)شیان بەڕووداو ڕێگای ترەوە کۆچیان کردووە. لەکاتێکدا هەر لەشاری دهۆك ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٤ ـ ١٨) ساڵیدایە، ڕێژەی (٢١,٧٣٪)یان بەهۆی سووتانەوە مردوونو (٤,١٦٪)یشیان بەهۆی گوولەوە کوژراونو (٩,٤١٪)یشیان بەڕووداوی هاتو چۆ گیانیان لەدەستداوەو ڕێژەی (١٥,٢٥٪)یشیان بەهۆی ڕووداوی ترەوە بووە. بەڵام ئەو ژنانەی لەشاری دهۆك لەسەرووی تەمەنی (١٨) ساڵییەوە بوون، ڕێژەی (٦٩,٥٦٪)یان بەهۆی سووتانەوە مردوونو ڕێژەی (٧٩,٨٣٪)یشیان بەهۆی گوولەوە کوژراونو ڕێژەی (٥٨,٨٢٪)یشیان بەهۆی ڕووداوی هالتو چۆوە گیانیان لەدەستداوەو ڕێژەی (٦٢,٧١٪)یشیان بەهۆی ڕووداوی ترەوە بووە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕێژەی توندوتیژی دژ بەژنان، لەساڵی (٢٠٠٥)دا بەو شێوەیە بووە لەسەرتاسەری کوردستاندا: ڕێژەی (١٩,٧٩٪) کوشتن بووە، (٢٩,٥٣٪) لێدان بووە، ڕێژەی (١٪) لێدان تا مردن بووە، ڕێژەی (٣,٦٩٪) دەستدرێژی سێکسی بووە، ڕێژەی (٥,٠٣٪) پەلاماری سێکسی بووە، ڕێژەی (٤٠,٩٣٪) جۆراوجۆر بووە. کەچی بۆ ساڵی (٢٠٠٦) بەو جۆرە بووە: ڕێژەی (١٨,٩١٪) کوشتن بووە، ڕێژەی ٢٨,٦٨٪) لێدان بووە، ڕێژەی (٠,٩٦٪) لێدان تا مردن بووە، ڕێژەی (٢,٤٠٪) دەستدرێژی سێکسی بووە، ڕێژەی (٤,٣٢٪) پەلاماری سێکسی بووە، ڕێژەی (٤٤,٧١٪) جۆراوجۆری تر بووە.

سەبارەت بەو کەسانەی دەستیان هەیە لەئەنجامدانی توندوتیژی بەرانبەر بە ئافرەتان، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەو کەسانەی خوارەوە دەکاتو ڕێژەکانیشیان بەو شێوەیە دەستنیشان دەکات: ڕێژەی (٦,٩٤٪)ی توندوتیژی بەرانبەر بەژنان لەلایەن باوکانەوە ئەنجام دەدرێت، کەچی دایکان تەنیا ڕێژەی (٠,٤٢٪)یان بەر دەکەوێت. بەڵام مێرد ڕێژەی (٣٥,٣٦٪)ی توندوتیژییەکانیان بەر دەکەوێت. برا ڕێژەی (٣,٣٦٪) ی توندوتیژییەکان ئەنجام دەدەنو خوشکانیش ڕێژەی (٠,٢١٪)یان بەر دەکەوێت. لەکاتێکدا خاوەن کارو ئەو کەسانەی ژنان لەلایان کار دەکەن ڕێژەی توندوتیژیان بەرانبەر بەژنان دەگاتە (٠,٤٢٪)و کەسانیتریش کە دەستنیشان نەکراون زۆرترین ڕێژە تۆمار دەکەنو دەگاتە (٥٣,٢٦٪).

سەبارەت بەو قۆناغانەی کە تێیدا ئافرەتان دووچاری توندوتیژی دەبنەوەن ڕاپۆرتەکە پیشانی دەدەات کە تەنیا ڕێژەی (١٠,٨٦٪)ی ژنان لەقۆناغی منداڵیدا ڕوو بەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، کەچی ئەو ڕێژەیە لەقۆناغی گەورەییدا بەشێوەیەکی سەیر دەگۆڕێتو دەگاتە (٧٦,٠٨٪). لەکاتێکدا بەشێك لەژنان لەهەردوو قۆناغدا دووچاری توندوتیژی بوونەتەوەو ڕێژەشیان دەگاتە (١٣,٠٤).

لەکۆتاییدا ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ چەند ئەنجامێك دەکات کە بۆیان دەرکەوتووە وەکو ئەوەی مردنی ژنان لەقەزاو ناحیەکانی کوردستاندا زیاتر بەهۆی خۆ کووشتنەوەیە، هەروەها ڕێژەی خۆ سووتاندنی ئافرەتان لەقەزارو ناحییەکاندا بەرزتر بە بەراورد لەگەڵ شارەکانداو ئەو ئافرەتانەی توندوتیژیان بەرانبەر بەکار هاتووە زۆربەیان شوویانکردووەو خێزاندارنو ڕێژەی مردنی ئافرەتە خێزاندارەکان زیاترە لەو کچانەی هێشتا شوویان نەکردووەو ڕێژەی مردنی ژنان بەهۆی سووتانەوە لەهەموو جۆرەکانی مردن زیاترە لەکوردستانداو زۆربەی ئەوانەی بەهۆی سووتانیشەوە دەمرن تەمەنیان لەسەرووی (١٥) ساڵیدایە.

لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەو داتاو زانیارییانە تەنیا ئەوانەن کە تۆمارکراونو بەڕەسمی هەڵگیراون لەلایەن وەزارەتی پێوەندیدارەوە، بۆیە ئەو ڕووداوە توندوتیژییانە ناگرێتەوە کە ئافرەتان دواتر داوای لەسەر تۆمار ناکەن، یا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەهۆی تێکنەچوونی ڕەوشی ژیانەوە زانیاری ڕاستەقینە نادرکێننو دەیشارنەوە، ئەگینا ڕەنگە ڕووداوەکانی توندوتیژی بەرانبەر بەژنان لەهەرێمی کوردستاندا زۆر لەوە زیاتر بێت کە لێرە لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی بۆ کراوە، چونکە بەپێی هەندێك ئامارو سەرچاوە، ژمارەی ئەو ژنانەی لەساڵی (٢٠٠٥)دا کوژراون دەگاتە (٧٧٨) کەس، کەچی ئەوانەی لەساڵی (٢٠٠٦)دا کوژراون دەگاتە (٨١٢) کەس.

تێبینی: ئەو ئامارە لەڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاوکراوەتەوە.